# سروەی نیشتمان



نووسەر: شێوە غەفوور

٢٠٢٤

# (پێشەکی)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

سەرەتا سوپاس بۆ خودای میهرەبان کە هێز و توانای پێ دام لە نووسـینی ئەم کتێبە، خوێنەرانی ئەزیز ئەم کتێبە باس لە کۆمەڵێک وتەی سـەرنجڕاکێش دەکات، کە بە زمانی شـیرینی کوردی نووسـراوە، هەر لاپەڕەیەکی بریتییە لە وتەیەک، و مانایەکی جوان.

شێوە غەوفور

پێشکەش:

بە دایک و باوکی ئەزیزم.

بە برا و خوشکەکانم.

بە مامۆستایان و هاوڕێکانم.



دەستپێکێکی خێرا باشترە
لە چاوەڕوانییەکی بێمانا.



نووسینێک لە دڵێکی جوانەوە
بۆ دڵێکی مردوو
لە لاشەیەکی زیندووەوە.



خەریکە وا دەڕوانمە پەنجەرەی بێهیوایی

نیشتمانی خنکاو

باڵندەی سەرلێشیواو
دایکی جەرگسوتاو
باوکی ئارەقەڕژاو
کوردستانی خەڵتانی خوێن کراو
ئاوازی نەژەندراو
بوکەشوشەی سەربڕاو
پەپوولەی بێباڵکراو.



کات کوا؟ بۆ ناســـینی هاوڕێی تازە؟ بۆ خوێندنەوەی دیوانێک لە هۆنراوە!
ئەی خوایە هەموو کاتەکانی تەمەن بە سرودی نیشتمانیی، بە وتەی بێ مانا، بە حەز و ئارەزوە بێتامەکان
تەواو ئیتر فریای هیچ شـــتێک ناکەوم! کاتم نییە بۆ هیچ شتێک!



ئەوەی خەریکە من دەکوژێت و، وەک مۆم خەریکە وردەوردە دەم توێنێتەوە! ئەو بێدەنگییەی ئێوارانە، کە خەریکە بەرەبەرە لێکمان دوور دەخاتەوە! دووای تێپەرینی ڕۆژێکی قورس و بەرچاییەکی سارد! بێ سەیر کردنی چاوی یەکتر، تلان لەسەر جێگەیەکی بێ خەو.

لەوە دەچێت زۆر جار ژیان هەموو لە خەو بچێت و خەوێکی نا مەعقول، بێتام، ناخۆش.



من نقومبووی ئازارم و هەر خۆشم ئازارەکەم
من مردوم و هەر خۆشم بکوژەکەم.
چاوەکانم وشکبووی فرمێسکی بێهیوایین.
چی ماوە!؟
چی ڕووی نەداوە!؟
چی بڵێم!؟
و
چیم نەوتوە!؟
بەکێ بڵێم!؟
و
بەکێم نەوتووە!؟



چیتر تاقەتی نووسنیم نەما!
چیتر دەستەکانم توانای نووسینیان نەما.
بۆ کێ بنووسم!؟
بۆ نیشـــتمانێک، کە خەریکە لە پێش چاوی خۆمان لەناو دەچێت.
ئیتر تەواو، هیچ خامەیەک نەما بۆ نووســـینی ئازارەکان، ئازارەکان بوونە باو.



کاتێک یەکێک دەستدەکات بە نووسین.
بڕوا بکە!
نە ئاشقە
نە دڵی شکاوە
نە خیانەتی لێ کراوە
و نە ئازار دراوە
مەرج نییە هەر نووسەرێک کە خامەکەی گرتە دەست گوزارش لە خۆی بکات، ڕەنگە ئەو کەسە دڵی بۆ نیشتمان تەنگ بوبێت.




ئەو کاتە بێهیوا دەبم کە سەیری باڵکۆنەکە دەکەم و دەبینم خۆڵ خەریکە گوڵەکان دەخنکێنێت. ئیتر تاقەتی ژیانم نامێنێت، دەڵێم دەبێت ئەم نیشتمانە چی تێیدا ڕوویدابێت، تەواو خەونی ئەم نیشتمانە نێژرا.



هیچ مێژووییەک
ئێمەی یەککوژ
ئێمەی دەبەنگ
ساویلکە و خۆشباوەڕ
ئێمەی یەکخۆر هەڵناگرێت ئێمەین کە ئەمساڵ لە شەرما، یادی ڕۆژانی نیشتمانی ناکەینەوە جا چی مێژوو هەڵمان بگرێت.



مەرج نییە کاتێک تۆ قســـــە دەکەیت و لێت تێ نەگەن تۆ هیچنەزان بیت، ڕەنگە ئەوان خۆیان نەزانبن و لە هونەری تێگەشتن نەزانێت.



له پەنجەرەی هیوا بێ ئومێد بوم. له دڵنیایی بەگومانم. له ژیاندا مردووم. له لەشێکی زیندودا خاوەن دڵێکی مردوم. تەنها، دەتوانم دابنیشـــم و ســـەیری بێویژدانی ژیانکردنی ئەوان بکەم.




ئیتر نە گۆرانییەک دەمێنێت بۆ وتن، نە ئاوازێک بۆ ژەنین، نە دڵێک بۆ پێکەنین. ئیتر تەواو بوو. دەستەکانم چیتر نابن بە شانە بۆ قژەکانم، نە چیتر ئارەزووی چوون بۆ بەر ئاوێنەکەم و وتنی ئاوازی خۆشیم ما. تەنها ئەوە دڵمی پێ خۆش دەبێت دانیشتن لە سوچێکی ژورەکەمە و سەیرکردنی ئەو خۆرەی کە خەریکە ئاوادەبێت بۆ دەرکەوتنی ئەو مانگەی کە دوای خۆی هەڵدێت. ئیتر تاقەتی ئەو پێکەنینەم نەما بەرانبەر ئەو پەنجەرە بێئومێدە و باڵندە بێباڵەکان. وردەوردە خەریکە خۆری هیواکانم ئاوا دەبێت و ژیانم کۆتایی دێت و دەست دەکەم بە ئاوازی مردن!

هەر كاتێک هەســــتت بە بێزاری کرد، هەرکاتێک، زانیت کە لە تەنیــا تەنیــاتریــت. ئەوە بیرت بێــت کە دەتوانیــت، ســـەربخەیتە ســـەر نووســـینەکانم و، یەکبەیەک باســـی ئـازاراکـانتی بۆ بکەیـت و ئەویش گوێت بۆ بگرێت و لە لایەکیشـەوە بێ ئومێدییەکانت بنووسێتەوە.



لەوەتەی هەم،
دەنگم ناگات بە گوێی کەسێک،
دەمرم بۆ ئەوەی بژیم،
دەخنکێم بۆ نەفەسێک



خەمم، زۆر لە نیشـــتمان بەهێزترە. کاتێک بۆ یەکەم جار نیشـــتمـان دەبینیـت، دەزانی چۆن وێران ببوە، و چی بەســـەرهاتووە، بەڵام کە خەم لە کەســـێک بخۆیت. ئەوە خەم دەتهێنێت و دەتبات.



بەڕاستی کچبوون لە کۆمەڵگەی ئێمەدا یەکجار زەحمەتە. هەر شتێک بکات یان هەر پیشەیەک ئەنجام بدات، ناوێکی خراپ وەک (پاشگر) دەخەنە پاڵ ناوەکەی، بەسە ئیتر واز لە کچەکان بهێنن با بژین. تاکەی؟ تێپێکی ڕەش دەکرێت بە دەمی کچەکانەوە، بۆ ئەوەی بێدەنگ بن، تاکەی دەبێت کچ بێدەنگ بێت...!



دەبێت ئاگادار بیت لەوەی کە سـەیری دەکەیت، دەبێت ئاگادار بیت! کە سەیری کێ دەکەیت، چونکە ئەگەری هەیە ئەو کەسـە ڕۆژێک ڕووبەڕووت ببێتەوە، خۆت هەڵتبژارد کێ ببینیت، ڕوخسارت دیاری دەکات کە پێویستە وا بیت.



یارب ...

(حَسْبِيَ اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ)

(من هەر خودام بێ بەسمە و چاکترین پشت و پەنا تەنیا ئەوە)



وا خەریکم، ئەو قسـانە دەنووسـمەوە کە سـەردەمانێک ئارەزووی وتنیانم دەکرد.




چیتر نە خۆرێک دوای مانگێک هەڵدێت وە نە ئەستێرەکان ڕەوشنی جارانیان دەمێنێت، نە مرۆڤەکان ئارەزووی لای یەکتریان دەمێنێت.



«قُدَرُ اللّهِ أَجْمَلُ مِنْ أُمْنِيَاتِكَ»

چارەنووسی خودا لە خۆزگەکانی تۆ جوانترە.



نــازانم بۆ کــام دەرد بنــاڵێنم؟ بۆ گۆڕی وشــــکبووی شـەهیدان، یان بۆ لە ناوچونی نیشـتمان، یانیش بۆ جەرگ سوتانی دایکان.



مێژوو... مێژوو... مێژوو..!


باسی کام مێژووە بکەم؟
ئەو مێژووە کە سڵ لە خوێندنەوەی دەکەم؟
کاتێک هەر دێڕێکی دەخوێنمەوە بەهەردوو دەســـــتم چاو دەگرم، دەڵێم نەکا لە شەرما بمرم.
پەڕەی مێژووی نیشـــتمانمان واییە، هەتا ســـەیری بکەین عەیبی تێدایە.



بەســـە ئیتر، گوێچکەکانم تاقەتی بیســـتی گۆرانی بێمانا و بانگەشـــەی هەڵبژاردنی درۆ و ئاوازی تاریکی نەما. چیتر دووبارە گوێچکەکانم تاقەتی دانیشـتنیان نەما بۆ گوێگرتن لە مانە...



ماندووم... ماندووم... ماندووم
ماندوو نیم لە هەوڵدان، لە بەدەستهێنان، لە کۆششکردن، تەنها هیلاکی قسەکانتانم.



وردەوردە خەریکە فرمێسکەکانم بەرەو وشکبوون دەچن. وا خەریکە قژەکانم بەرەو نەمان دەچن، خەندەی لێوانم بەرەبەرە خەریکە کاڵ دەبێتەوە، وا خەریکە خۆشـــم دەبم بە خۆڵ و بەرەو ئەرزا ئەچم.



مەرج نییە هەر کەسێک، پێنووسەکەی گرتەدەست، ئەوە نووسەر بێت، من دەڵێم: هەر کەسێک دایک و باوکێکی وەک شاخ، برایەک وەک قەڵغان، خوشکێک وەک چیا و هاوڕێیەک وەک خێزانی لە پشت بوو، ئەوە دەتوانێت ببێت بە هەر شتێک کە دەیەوێت. من دەبێت سوپاسی ئەوانە بکەم، کە هاوکارم بوون، کە هەر کاتێک شتێکی نوێم نووسیبایە، ئەوان یەکەم کەس بوون پشتگیرییان دەکردم. بێگومان ئەگەر ئەوان نەبونایە ناوێک نەدەبوو بە ناوی منەوە.

شێوە غەوفوور